# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (١٤٤) لە ٢٠٢٢/٤/١٣

پشتبەست بە حوکمەکانی بڕگەی (٢) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٠) لە ٢٠٢٢/٤/١٣، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی (پڕۆژە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان- عێراق ) بە ڕەچاوکردنی ئەو تێبینی سەرنجانەی لەلایەن بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لە کۆبوونەوەکەدا ئاماژەیان پێدرا و بەپێی گونجاویان لە پڕۆژەکە جێگایان کراوەتەوە.

٢. ڕاسپاردنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بۆ ناردنی پڕۆژە یاسای ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی تەشریعکردنی.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران